**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

پشـــت بە حوکمی بڕگە (1)ی ماددەی (56) لە یاســای ژمارە (1)ی ســاڵی (1992) هەموارکراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاســایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشـــتمانیی کوردستان– عیراق ، ئەنجومەن لە دانیشتنی ژمارە (4) ڕۆژی(2006/9/11)یدا بڕیاری بە یاساکاری کردنی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

**یاسای ژمارە( 6 ) ی ساڵی 2006**

**یاسای کارپێکردنەوە بە ماددەکانی دەروازەی دووەم**

**لە یاسای بنچینەکانی دادگاییکردنی سزایی**

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی یازدەمی یاسـایی ژمارە (22)ی ساڵی 2003ی ئەنجومەنی نیشـــتمانیی کوردســـتان ـ عیراق پووچەڵ دەکرێتەوە سەبارەت بە ڕاگرتنی کارپێکردن بە مادەکانی (285 هـەتا 293)ی دەروازەی دووەمی یاسای بنچینەکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە (23)ی سـاڵی 1971 لـە هەرێمی کوردستان و کار بە حوکمەکانی دەکرێتەوە.

**ماددەی دووەم:**

زارەوەی (سەرۆکی هەرێم) شوێنی زاراوەی (سەرۆکی کۆمار) و زاراوەی (فـەرمانی هـەرێمی) شوێنی (فەرمانی کۆماری) دەگرنەوە لە هەر شوێنێك لـە دەروازەی دووەمـی یاسـای نـاوبراو هاتبن، بۆ ئەوەی حوکمەکانی لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێت.

**مادەی سێیەم:**

کار بە هیچ دەقێك ناکرێـت کە پێچەوانە بێت لـەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی چوارەم:**

ئـەم یاسـایە لـە ڕۆژی دەرچـوونیەوە کـاری پێـدەکرێت ولـە ڕۆژنامـەی فـەرمی (وەقـائیعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**عەدنان ڕەشاد موفتی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستان - عیراق**

## هۆی دانانی

لەبەر نەمانی ئەو هۆیانەی لە کاتی خۆی پێویستیان کرد کە جێبەجێکردنی سزای لەناوبردن (اعدام) لە هەرێمی کوردستان رابگیرێت بەپێی مادە (11)ی یاسای ژمارە 22/ی ساڵی 2005 کە دەسەڵات بە سەرۆکی هەرێم دەدات حوکمی (اعدام) پەسند بکات یان کەمی بکاتەوە و بۆ ئەوەی ئەو بڕیار و حوکمە دادوەریانەی کە لە دادگاکان دەرچوونە و پلەی کۆتاییان بەدەست هێناوە بە هۆی پەسند کردنیان لەلایەن دادگای پێداچوونەوە (تمییز) بۆیە، ئەم یاسایە داندرا.

---

**تێبینی**: **ئەم یاسایە دوای پەسندکردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان – وە لەژمارە** (64) **ساڵی شەشەم –ی رۆژی** 2007/3/1 **رۆژنامەی** ( **وەقایعی کوردستان** ) **بلاۆکراوەتەوە**.